# چەواشەکاری دەزگا راگەیاندنەکاني یەکیتی و پارتی لە سەر دەستور.....!

ئەکرەم عبدلله
rodanakram@yahoo.com

رۆژانە ئەگەر سەیری تەلەفزیۆنەکانی یەکیتی و پارتی بکەیت خەریکی سازدانی هەراو زەنایەکن لە سەر دەستور،ئەوە ئەدەن بەگویی خەلکدا ؛ دەنگ بدە بە دەستور بۆ ئەوەی ئەنفال نەبیتەوە،دەنگ بدە بۆ یەوەی مافەکانی خەلکی کوردستان دابین بکەین.....هتد.

ئەگەر کەسێکی خارجی گوێ ی لەم قسانە بیت رەنگە وا تیبگات لە کوردستان ئەم حیزبانە هیچ کاریک ناکەن تا پرس بە خەلکی کوردستان نەکەن،بەم قسانە یەکێتی و پارتی ئەیانەویت خەلکی کوردستان وەک و 15 سالی رابردوو فریوو بدەن و ئەمەشیان تەنها بۆ ئەوەیە کە پەنجەمۆری خەلکی کوردستان وەرگرن بۆ ئەو بەشە دەسەلاتەی کەوەری ئەگرن.

ئەگەر کەمیک سەیری15سالی رابرِدووی ئەم دوو حیزبە بکەین زۆر بە رۆشنی ئاشکرایە هەرچیەکیان کردبیت پرسیان بە خەلکی کوردستان نەکردووە ، بەلکو ئەگەر رەئیەکی جیاوازیش هەبوبیت لە دژی ئەو کارانەی کە ئەیکەن لە کوردستان ئەوە زۆر بە توندی بەرامبەری وەستاونەتەوەو سەرکوتیان کردووە. وە هەموو ئەو کارانەی کە لە میژووی سیاسی خۆیاندا کردویانە بە بەرژەوەندی خەلکی کوردستانیان شوبهاندووە و فرۆشتویانەتەوە بە خەلک. ئەم جارەش تەلەفزیۆنەکانیان کەوتوونەتە بلاوکردنەوەی پروپاگەندە بۆ دەستور تا بەو هۆیەوە بتوانن خەلکی کوردستان فریوو بدەن . هەر لە تەلەفزیۆنەکانیانەوە بوو ئەوەیان رائەگەیاند کە شەرکردن لە گەل پکک دا و هینانی لەشکری تورکي بۆ کوردستان لەبەر بەرژەوەندی خەلکی کوردستان بوو هینانی جمهوری اسلامی و اتلائاتی ئیرانی هەر لەبەر بەرژەوەندی خەلکی دا بوو. هەر لەم تەلەفزیۆنانەوە بوو کە رایان ئەگەیاند کە شەری نیوانیان و بە کوشتدانی سەدەها انسان لە نیوان خۆیاندا لە بەر بەرژەوەندی خەلکی کوردستان بوو. لە دەزگا راگەیاندنەکانیانەبوو ئەیانووت مانەوەی گەمارۆی ئابوري لە بەرژەوەندي خەلکی کوردستانە هەموو ئەمانە پیچەوانە دەرچون . لە گەڵ ئەم هەموو تەجروبەتالەدا کە ئەم دوو حیزبە هەیانە لە راگەیاندنی چەواشەکاری لە کوردستاندا ، کەچی ئەمرۆ زۆر بیشەرمانەلە تەلەفزیۆنەکانینەوە ئەوە ئەدەن بە گویی خەلکدا کە دەنگ بدە بۆ ئەوەی ماف و بەرژەوەندییەکانی خەلکي کوردستان دابین بکەین . ئەگەر ئەمانە احترامی رەئی خەلکی کوردستانیان ئەگرت، زیاتر لە90% ی خەلک دەنگیان دا بە جیابونەوە بۆچی هیچ حسابیکیان بۆ نەکرد و ئەوکاتە رایان نەگەیاند خەلکی کوردستان ئەیانەویت جیاببنەوە.

ئیوه له میژوی خۆتاندا کەی‌و له چ شوینیکدا به قسەی خەلکتان کردووه ، چ شتیکتان له بەر خاتری خەلکی کوردستان ئەنجام داوه کەچی ئیستا له تەلەفزیۆنەکانتانەوه شین و واوەیلا بۆ خەلک ئەکەن. ئەم دەستورەی که ئەتانەویت دەرخواردی خەلکی بدەن دەستوری ناساندنی پله دووی خەلکی کوردستانه، دەستوریکه عیراق ئەکات به ئیران و ئەفغانستان. دین و داموو دەزگاکانی ئەبن به مۆتەکه بەسەر سەری خەلکەوه کەچی له راگەیاندنەکانتانەوه ئاوەژی ئەوه ئەدەن به گوێ ی خەلک دا . راگەیاندن له کوردستان ئەبیت هەر ئەو دەوره بگیریت که له بەرژەوەندی پارتی و یەکیتی دایه. بۆیه ئەبیت خەلکی کوردستان تەجروبەی وەرگرتبیت لەم راگەیاندنه چەواشەکارانەیه ، که ئەم جارەش نەیانکەن به قوربانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان چونکه ئەوان هەر ئەوەندەیان مەبەسته که حاکم بن لەو ولاتەدا و ئیتر هیچ قسەو باسیک له پیداویستییەکانی خەلک نیه و راگەیاندنەکانیشیان هەر لەم پیناوەدایه .

07-10-2005